# میزانکردنی فەزای کاریی

باشترە دەبێ مشك و کیبووردەکە لە لێواری مێزەکە بن، تاکوو پێش بە جووڵانەوە و تێکدانی بارودۆخی دانیشتن بگیرێ. کاتی نووسین شانتان هەڵمەهێنن.

پاڵبدەنەوە و خۆ تەواو بە کورسیەکەوە بنووسێنن. ئەو کورسییانە باشن کە بۆ ئەو کارە میزان دەکرێن.

هەوڵ بدەن ڕان هاوتەریب لەگەڵ زەوی بێ، و ئەژنۆ برێك خوارتر لە کەمەر بێ.

٢ تا ٣ جار لە کاتژمێردا هەر جارەی ٣٠ تا ٦٠ چرکە یا جارێك ٥ تا ١٠ خولەك هەستنە سەر پێ و لەشتان بجووڵێنن.



چاو لە پێشەوە بکەن، بە بەرزایی چاو یا کەمێك لەو خوارتر و بە درێژایی دەستراکێشانێك مەودا بگرن.

جاروبار پشوویەك بە چاوتان بدەن، هەر ٢٠ خولەك ٢٠ چرکە چاو لە جێگایەکی دوورتر بکەن.

بەرزایی ئانیشك و بەشی پێشەوەی لەش بە قەدرایی بەرزیی مێزی کارەکە بێ، شانتان بەرەو خوارەوە شۆڕ بکەنەوە و بیانحەسێنەوە.

قاچتان لەسەر زەوی دابنرێ، باشتر دەبێ ئەگەر قوتویەك یا شتێك لەژێر قاچ دابنرێت.

# پێکهێنانی فەزایەکی گونجاو

